# ڕێبەری پێنجەم – پاشکۆی ١

**پاشکۆی ١**

## پێشبینی لە پەیمانی کۆندا لەبارەی مردن و هەستانەوەی مەسیح

ئیشایای پێغەمبەر ئەم پێشبینیەی لە نزیکەی ساڵی ٧٠٠ ی پ.ز نوسیوە . ئەم پێشبینیەش دابەش دەبێت بۆ پێنج پارچەی هۆنراوەیی کە هەر پارچەیەکیان پێکهاتەیان لە سێ ئایەتدایە . ئەویش بە قۆناغی دابەزینی لە بڵندی و پایەبەرزی بۆ ناو قوڵایی ئازار پێش ئەوەی دووبارە بەرزبێتەوە بۆ بەرزترین و باڵاترین پلەوپایە.

### (أ) پارچەی یەکەمی هۆنراوەیی ( ئیشایا ٥٢: ١٣- ١٥)

### عیسای مەسیح بڵند دەبێت و (زۆرپایەبەرز دەبێت) لە ڕێگەی ئازارەوە.

پارچەی یەکەمی هۆنراوەکە بیرۆکەی سەرەکی پێشبینیەکە دەخاتە ڕوو: ئەو مەسیایەی دێت بەرزوبڵند دەبێتەوە لە ڕێگەی ئازارەوە . لەم پارچە هۆنراوەیەدا دەبینین کە خوداوەند خۆی قسە دەکات .

**<u>١- ئایەتی ١٣ پێناسەی بەرزی وبڵندی مەسیح دەکات .</u>**

ئەم ئایەتە ئاماژە بە هەستانەوەی مەسیح دەکات لە نێو مردوان ، وە بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان ، وە دانیشتنی لای ڕاستی خودای باوك (بڕوانە کردار ٣: ١٣؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١).

**<u>٢- ئایەتی ١٤ پێناسەی ساکاری مەسیح دەکات .</u>**

ئەم ئایەتە ئاماژە بە خراپ مامەڵەکردنی خەڵکی دەکات بەرامبەر بە عیسا ؛ وە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەو پەڕی شێواندنی ڕوخساری مرۆڤانەیی و

دیمەنی ( بڕوانە مەرقوس ١٤: ٦٥؛ ١٥: ١٥ ، ١٧ ، ١٩؛ یۆحەنا ١٩: ١- ٥).

**<u>٣- ئایەتی ١٥ پێناسەی شکۆداریی مەسیح دەکات .</u>**

ئەم ئایەتە ساکاری مەسیح لە ئایەتی ١٤ دا پیشان دەدات ، وە بەرزبونەوەی ئایندەی شکۆداری بەسەر هەمواندا. دەکرێ وشەی "سەرسام بونیان" وەرگێڕدرێ بۆ " دەست بە دەمیانەوە دەگرن " . چونکە نەتەوەکان و پاشاکان دەست بە دەمیانەوە دەگرن لە زۆریی سەرسام بونیان وە بێ دەنگ دەبن لە زۆریی سەرسوڕمانیان لە دیمەنی کاریگەری ( بڕوانە ئیشایا ٤٩: ٧؛ ئەیوب ٢٩: ٩- ١٠ ، ٢١- ٢٢ ؛ زەبور ٢٢: ٢٩). وە ئەو شتانە دەبینن و دەبیستن کە پێشتر نە بیستویانەو نە بینویانە – بە دیاریکراویش : ئینجیل و فێرکردنەکانی پەیمانی نوێ . ئیدی زۆرینە سەریان سووڕ دەمێنێ لە ڕاگەیاندنی خودا کاتێ دەبینن گۆڕنکاریەکی سەرسام پشکی عیسای مەسیحە کاتی هاتنی یەکەمی .

**(ب) پارچەی دووەمی هۆنراوەکە (ئیشایا ٥٣: ١- ٣)**

**عیسای مەسیح سوکایەتی پێدەکرێ و ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن خەڵکەوە .**

پارچەی دووەمی هۆنراوەکە پێناسەی ئەو زەلیلیە دەکات کە عیسای مەسیح توشی دەبێت . خەڵکەکە باوەڕی پێ ناکەن ، وە سوکایەتی پێ دەکەن و ڕیسوای دەکەن . لێرەدا ئیشایا وەکو نوێنەری گەلی ڕاستەقینەی خودا دەدوێ .

**<u>ئایەتی ١ دەڵێت لە ڕووی ئاینییەوە ، مامەڵە لەگەڵ عیسا دەکرێ بە بێ باوەڕی .</u>**

لەگەڵ ئەوەی کە خودا خودی خۆی و پەیامەکەی لە ڕێگەی بەندەکەی عیسای مەسیحەوە دەرخستوە ، بەڵام زۆرینە باوەڕ ناهێنن .

**<u>ئایەتی ٢ دەڵێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ، بە بێ ڕێزی مامەڵە لەگەڵ عیسا دەکرێ.</u>**

باوباپیرانی – بە پێی جەستە – لە پیرۆزکراوە مەزنەکان نەبوون ، بەڵکو گوناهبار . بۆ نمونە ڕاحاب داوێن پیس بوو ، داودی پاشا بکوژ بوو . وە عیسا لە ناسیرە گەشەی کرد ؛ ئەویش شاروچکەیەکی بچوکە لە ناوچەی جەلیل کە لەوێدا باوەڕیان پێ نەدەکرد و بێ ڕێزیان پێدەکرد ئەو کات . وە عیسا لە کاتێکدا دەژیا کە نەوەی ئیسرائیل دەیناڵاند بە دەست وشکبوونەوە یان مردنی ڕۆحیەوە . ئیدی بەم شێوەیە ، ئەو لایەنگریی و مەزنایەتی دەست نەکەوت لەلایەن تەواوی خێزانەکەی و نەتەوەکەیەوە . وە خاوەنی بەژنێکی کەشخەو پۆشتە نەبوو تاکو سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.

**<u>ئایەتی ٣ دەڵێت لە ڕووی جەستەییەوە ، عیسا ئازار دەدرێ .</u>**

ئەوەبوو ڕابەرانی ئایینی جولەکە تفیان ڕۆکرد لە دەموچاوی وە بە قامچی لێیان دا. هەروەك چۆن سەربازەکانی ڕۆم جلوبەرگیان لەبەردا نەهێشت و تاجێکیان لە دڕك چنی و کردیانە سەری ، وە چەندین جار لەسەر یەك بە گۆپاڵ دەیانکێشا بە سەریدا . ئیدی بەم شێوەیە ، بە دڵنیاییەوە شێواندنی تا ئەو ڕادەیە بوو کە خەڵکی نەتوانن بڕواننە ڕوخساری !

## (ج) پارچەی سێ یەمی هۆنراوەکە (ئیشایا ٥٣: ٤- ٦)

## عیسای مەسیح لەخاچ دەدرێ لە بری گوناهەکانمان.

پارچەی سێ یەمی هۆنراوەکە دڵ و کرۆکی ئەم پێشبینیەیە . ئەو پێشبینی دەکات لەبارەی پلانە ڕزگاریە جوانەکەی خوداوە . چونکە بەندەی خودا (مەسیا ئەوەی دێت ؛ واتە عیسای مەسیح) لە پێناوی گەلەکەیدا ئازار دەچێژێ ؛ واتە دەبێتە قوربانی سەربڕاو بۆ کڕینەوەیان . لێرەدا دوو شت بە ڕوونی دەردەکەون ئەوانیش "تاوانەکانمان" و " ئازارەکانی" ، وە ئازارەکانی و چاکبوونەوەمان . شێوەی کۆ لەم ئایەتانەدا ئاماژە بە گەلی ڕاستەقینەی خودا دەکات : ئەوانەی باوەڕ دەهێنن و بازووی خودایان بۆ دەردەکەوێت (ئایەتی ١) .

**<u>ئایەتی ٤ دەڵێت ئەو ئازارو ناخۆشیەکانمان هەڵدەگرێت .</u>**

ئەم ئایەتە پێناسەی ئەوە دەکات کە چۆن خزمەتکاری خوداوەند خزمەتی خەڵکی دەکات و پێویستیەکانیان دابین دەکات . ڕەنگە وشەی " ناخۆشیەکانمان" ئاماژە بێت بۆ نەخۆشی و برینداریی . وە ڕەنگە هەردوو وشەی "ناخۆشی" و " ئازار" پێکەوە ئاماژە بن بۆ هەموو جۆرەکانی ناڕەحەتی مرۆڤەکان چی جەستەیی یان سۆزداری یان دەروونی بێت . هەموو ئەم ئازارانە بە هۆی کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا دروست بوون . لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ناخۆشی و ئازارەکانمان هەڵدەگرێت ، بەڵام خەڵکی وا لێی دەڕوانن کە خودا توشی بەڵای کردوە بە هۆی گوناهەی خۆیەوە !

**ئایەتی ٥ دەڵێت ئەو لەخاچ دەدرێ لەپێناوی گوناهەکانی ئێمەدا .**

ئەم ئایەتە شێوازی مردنی عیسای مەسیحمان پیشان دەدات . کە ئەو وردوخاش دەکرێ بە هۆی ستەم و توندوتیژی و چەوسانەوەوە . لەمەدا ئاماژە بۆ ئەو نەتەوەیە دەکات کە لە سەردەمی ئەودا ژیاون و زۆر ئەزمونیان کردوە . هەروەها ئەو جەستەی بریندار دەبێت ئەمەش ئاماژەیە بۆ مردنێکی ناشیرین و ناشایستە وە دەمرێ بەهۆی ئەو برینانەوە کە سەربازەکان برینداریان کرد .

هەروەها لێرەدا لەبارەی هۆکاری مردنی عیسا دەخوێنینەوە . کە ئەو دەمرێت بە هۆی دەستدرێژی کردنی ئارەزومەندانەمان بۆ سەر هەردوو لە ڕاسپاردەکانی خودا (ڕاسپاردەی ڕەوشتوئاکار و ڕۆحیی) . هەروەها ئەو دەمرێت بەهۆی یاخی بونمان وە خواروخێچ کردنمان بۆ ڕاستی خودا و گۆڕینی وشەکانی . وە ئەو سزا دەدرێ تاکو کرێی گوناهەکانی ئێمە بدات . بەم شێوەیە ئاشتیمان دەداتێ لەگەڵ خودا ؛ واتە ئاشتمان دەکاتەوە لەگەڵیدا . بەڵێ چونکە عیسای مەسیح ئازار دەچێژێ تاکو ئێمە چاك بینەوە ! وە ئەو تەنها لە پێناومان نەمردوە بەڵکو لە بری ئێمە مرد هەروەها !

**ئایەتی ٦ دەڵێت ئەو سزا دەدرێ بە هۆی دووركەوتنەوەی ئارەزومەندانەی ئێمە لە خودا .**

ئەم ئایەتە باسی تاوانە قێزەونەکانمان دەکات . هەر یەکێك لە ئێمە ملی ڕێگەیەکی گرتوە کە پێی وایە ڕێگەیەکی ڕاستە. بەڵام هەموو ئەم

ڕێگەیانە دوورمان دەخاتەوە لە خودا . لەگەڵ ئەوەشدا ، خودا هەموو تاوانەکانمان دەخاتە سەر عیسای مەسیح . وە عیسا سزا دەدرێ بە هۆی بێ لایەنیمان و دورکەوتنەوەمان لە خودا .

## (د) پارچەی چوارەمی هۆنراوەکە ( ئیشایا ٥٣: ٧- ٩)

## عیسای مەسیح خۆی ملکەچ و زەلیل دەکات و ڕازیە بە هەموو ئازارەکان.

پارچەی چوارەمی هۆنراوەکە پێناسەی وردی خۆزەلیل کردنی بەندەی خوداوەند دەکات بۆ پلانی خودا : " ڕزگاریی لە ڕێگەی مردنێکەوە لە بری ئێمە" . تێبینی دەکەین لە ئایەتەکانی ٧- ١٠ ئیشایای پێغەمبەر چیتر وەك نوێنەری کۆمەڵەی باوەڕداران نادوێ (وەك کاهین) ، بەڵکو وەك کەسێك دەدوێ کە پلانی ڕزگاریی خودا دەردەخات (وەك پێغەمبەر) .

**<u>ئایەتی ٧ پێناسەی ئازارەکانی دەکات وەك بەرخ .</u>**

ئەم ئایەتە ئەو ڕێگەیە پێناسە دەکات کە ئازارەکانمان هەڵدەگرێت. ئەو ئازار دەچێژێ بێ ئەوەی بەرەنگاری ئەوانە بێتەوە کە دەیچەوسێننەوە. وە خەڵکی دەیچەوسێننەوەو بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن . وە ئەو بۆخۆی ڕێگە دەدات بە خەڵکی سوکایەتی پێبکەن و ڕازیە بە ئازارەکان ( ١ پەترۆس ٢: ٢٣) چونکە لە ڕێگەی هەڵسانی بەمە ، پلانە ڕزگاریەکەی خودا تەواو دەکات ! لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی وشەی نابەجێ و خراپیان پێ دەوت ، بەڵام ئەو وەڵامی نەدەدانەوە ، بەڵکو بێدەنگ دەبوو لەو سوکایەتی و جوێنانە ، وە بە بێ دەنگی ڕازی دەبوو بە هەموو ئەو ڕەتکردنەوانەو سوکایەتیانە . وە جلوبەرگی لەبەر دادەکەنن و بە ڕووتی لە خاچی دەدەن . بەڵام ئەو دەمی نەکردەوەو بە یەك وشەش بەرگری نەکرد لە خۆی ! لە کۆتاییدا دەدرێ بە دەستەوەو لەخاچ دەدرێت.

**<u>ئایەتی ٨ پێناسەی مردنی دەکات وەك تاوانبارێك .</u>**

بەندەی خودا ئازار دەچێژێ بەهۆی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیدا ( زیاتر لە هۆکاری برسی بوون) . ئیدی دادوەرە ستەمکارەکان حوکمی دەدەن . وە

له کۆتاییدا ، سەربازەکان دووری دەخەنەوەو له خاچی دەدەن . لێرەدا ئیشایای پێغەمبەر دەڵێت نەوەی ئیسرائیل مەسیح ڕەتدەکەنەوەو دەیکوژن ، وه دەبرێت بۆ شوێنێك که ئەوان نایزانن ( لۆقا ٢٣: ٤٣، ٤٦). وه لەماوەی پەیمانی کۆندا تاکو سەردەمی پەیمانی نوێ ( کاتێ دڵتەنگ بوون قوتابیەکان به مردنی عیسا)، هیچ کەسێك زۆری نەدەزانی لەبارەی ژیانی دوای مردن . وه بەندەی خودا به ئاشتی نامرێت ( به هۆی بەساڵاچوونیەوە) ، بەڵکو بەهۆی حوکمدانیەوە وەك تاوانبار ، یان وەك کەسێك لەلایەن خوداوه حوکم درابێت ( سزا دراو) . بەڵام دەمرێت له بری مردنی ئێمه تاکو کرێی گوناهەکانمان بدات.

**<u>ئایەتی ٩ پێناسەی ناشتنی دەکات وەك دەوڵەمەندێك.</u>**

خاوەن بڕیارەکان هەوڵیان دەدا له شوێنێکی پیس و لەگەڵ خراپەکاراندا بینێژن (بڕوانه ئیشایا ١٤: ١٨- ٢٠ ؛ یەرمیا ٨: ١). ئەم بابەته خراپترین شت بوو لەو سەردەمه بەسەر هەر کەسێکدا بهاتایه . بەڵام خودا ڕێگەی نەدا بەوە ، بەڵکو وای کرد وەك دەوڵەمەندەکان بنێژرێ (بڕوانه ئیشایا ٢٢: ١٦). وه چونکه خودا دەزانێ که بێ گوناهه ئیدی ناشتنێکی شایستەی بۆ دابین دەکات .

**(هـ) پارچەی پێنجەمی هۆنراوەکه (ئیشایا ٥٣: ١٠- ١٢)**

**عیسای مەسیح میراتی شکۆمەندی بەدەست دەهێنێت .**

پارچەی پێنجەمی هۆنراوەکه پێناسەی دیاری خودا بۆ مەسیا و شکۆمەندیەکەی له کۆتاییدا دەکات . وه له ئایەتی ١٠ تێبینی دەکەین که ئیشایای پێغەمبەر وەکو نوێنەری بەشێك له باوەڕدارانی گەلەکەی نادوێ (وەك کاهینێك) ، بەڵکو وەکو کەسێك پلانی خۆبەختکارانەی خودا دەردەخات (وەکو پێغەمبەر). وه له ئایەتەکانی ١١ و ١٢ سەرلەنوێ خودا دەدوێ .

**<u>ئایەتی ١٠ پێناسەی ئەو ئازاره دەکات که له بری ئێمه چەشتی و هەستانەوەی وەکو بەشێك له پلانی خودا.</u>**

ئەمەش خاڵی وەرچەرخانی ئەم پێشبینیەیە ، وە پرسیار ئەوەیە : "کاتێ بەندەی خودا بێ تاوانەو تەواو بێ گوناهە ، بۆچی دەبێت بمرێت ؟"
وەڵامەکە ئەوەیە کە مەبەستە مەزنەکانی خودا هاتنە دی لە ڕێگەی ئازارەکانی و مردنیەوە ! چونکە ئازارەکانی مەسیح بە پێی خواستی خوداو پلانەکەی بوو . وە بە پێی مێژووی مرۆڤایەتی عیسا بە هۆی حوکمدانێکی ستەمکارانەوە مرد کە دادگایەکی زەمینی بڕیارەکەی دا.
بەڵام بەپێی مێژووی خۆبەختکارانەی خودا ، مەسیح مرد بە هۆی حوکمدانە دادپەروەرانەکەی خودا لەسەر جیهان ! خودا وای کرد ژیانی و مردنی ببێتە قوربانی سەربڕاو بۆ گوناهە . لەگەڵ ئەوەی کە قوربانی سەربڕاو لە بری گوناهە لە پەیمانی کۆندا دەردەکەوت ( لێڤیەکان ١: ٤؛ ٤: ٤، ١٥ ، ٢٤ ، ٢٩)، بەڵام پێشکەشکردنی کوڕی تاقانە لەلایەن خودای باوکەوە لەسەرووی بیری مرۆڤە !

دوو ئەنجام هەبوو لە قوربانیە کەفارەتمەندانەکەی عیسا : یەکەم ئەوە بوو کە "نەوەکانی" خۆی دەبینێ ؛ واتە نەوە ڕۆحیەکانی ( ئەو کەسە زۆرانەی بێتاوانیان دەکات ) (ئایەتی ١١) وە پیرۆزیان دەکات (بڕوانە پەیدابوون ١٢: ٣) . بەڵام ئەنجامی دوەم ئەوەیە کە ڕۆژگارەکانی درێژ دەبێت ؛ واتە ئەو لە مردن هەڵدەستێتەوەو تاهەتایە دەژی ( بڕوانە بینین ١: ١٨).
ئەمەش شایەنی تێبینی کردنە چونکە بیروباوەڕی هەستانەوە بە تەواوی نەڕسکابوو وە زۆر ڕوون نەبوو لە پەیمانی کۆندا (بڕوانە ئیشایا ٢٦: ١٩). وە دوای مردن و هەستانەوەی بەندەی خودا ، کارێکی مەزن هەیە کە پێی هەڵدەستێ : " بە دەستی ئەو مەبەستی خوداوەند سەردەکەوێت " .
بەڵام مەبەستی خوداوەند (یان خواستی) هۆکارێکی قووڵ نیە بۆ ئازارەکانی و بەس (ئایەتی ١٠أ) ، بەڵکو هەروەها هۆکارێکی قووڵە بۆ ئایندەی شکۆداری (ئایەتی ١٠ب). پێناسەی ئەم ئایندەیە لە ئایەتی ١١ دا دەبینین . وە لە ڕێگەی نێوەندگیریەکەیەوە (دەستیەوە) ، هەمیشە پلانی خودا سەرکەوتوو دەبێت! وە لە ڕێگەی مردن و هەستانەوەی عیساوە ، نەوەی زۆر دەبێت کە چێژ لە ژیانی تاهەتایی دەبینن ( بڕوانە یۆحەنا ١٢: ٣٢).

**ئایەتی ١١ پێناسەی کارەکەی دەکات وەکو سەرۆکی کاهینان بۆ خودا تاکو دوای هەستانەوەی زۆینە بێ تاوان بکات .**

ئەم ئایەتە بەردەوام دەبێت لە پێناسە کردنی ئەنجامەکان یان دیاریەکان ئەوەی بەهۆی ئازارەکانی بەندەی خوداوە دروست بوو . ئیدی بەری ڕەنجی کارە ڕزگاریەکەی دەبینێ و هەست بە ڕەزامەندی تەواو دەکات . لێرەدا دەبینین جەخت لەسەر بێ تاوان کردن دەکرێتەوە ئەوەی دەستی دەکەوێ لە پێناوی زۆرینەدا. بێ تاوان بوون واتە هەموو گوناهەکانمان بەر لێخۆش بوون کەوت ، وە ڕاستودروستی مەسیح ئەمەی بۆ کردین ! وە زۆریك لە خەڵکی بێ تاوان دەبن بە هۆی ئەو زانیاریانەی کە بەندەی خوداوەند پێشکەشی دەکات ئەوەی بەتاڵە لە گوناهە . بەڵام هۆکاری هەرە گرنگ کە بەندەی خوداوەند زۆرینە بێ تاوان دەکات ئەوەیە ، ئەو تاوانەکانیان هەڵدەگرێت .

**ئایەتی ١٢ پێناسەی دیاریەکانی دەکات ئەوەی لە خوداوە دەستی دەکەوێت لە بەرامبەر ئامادەییەکەی بۆ مردن و هەڵگرتنی گوناهەی زۆرینە .**

لەبەرئەوە بوە خاوەن پشك لە نێوان مەزنەکاندا ، وە دەستکەوت دابەش دەکات لەگەڵ خانەدانەکان ، چونکە خۆی دایە دەست مردن ، وە لەگەڵ تاوانباراندا هەژمار کرا . وە ئەو گوناهەی زۆرینەی هەڵگرت ، وە داکۆکی کرد لە تاوانباران . ئایەتی ١١ ڕوونی دەکاتەوە کە بێ تاوانکردنی "زۆرینە" مەبەستی سەرەکیە ، لێرەدا واتای مەبەستدار ئەوەیە کە بەندەی خوداوەند زۆرێك لەو کەسانەی وەك میرات دەستدەکەوێ! چونکە ئەو گوناهەی زۆرینە هەڵدەگرێت (ئایەتی ١٢ ب) ، وە بێ تاوانکردنی زۆرینە (ئایەتی ١١ ؛ هەروەها بڕوانە مەرقۆس ١٠: ٤٥؛ ڕۆما ٥: ١٥، ١٩)، ئیدی خوداوەند زۆری لەوانە دەداتێ وەك میرات (بەش یان دەستکەوت) (یۆحەنا ١٢: ٢٤) ! وە بەهۆی مردنی لە بری ئێمە ، "زۆران" ی دەستکەوت وەك دیاری لە خوداوەندەوە . ئیدی بەم شێوەیە ، مردنی ئەو لە بری ئێمە بناغەی بەرزی و بڵندیەتی .

ڕەنگە وەرگێڕانی ئایەتی ١٢ زۆر ورد یان ڕاست نەبێت . چونکە لە ژێر ڕۆشنایی پێگە و پلە باڵاکەیدا تەنها ئەوە بەس نیە کە پشکی هەبێت لە نێوان مەزنەکان یان دەستکەوت دابەش بکات لەگەڵ خانەدانەکان (لەگەڵ بەهێزەکان) ! چونکە ئەو تەنها کەسێك نیە لە مەزنەکان یان بەهێزەکان ئەوانەی دەستکەوتەکان دابەش دەکەن ، بەڵکو ئەو زۆر بەرزترو باڵا تر و مەزنترە (بڕوانە ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٢ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١ ؛ کۆلۆسی ١: ١٨). چونکە پاشاکان لەبەری هەڵدەستن و میرەکان کڕنوشی بۆ دەبەن (ئیشایا ٤٩: ٧) ، وە نەتەوەکان و پاشاکان دەست بە دەمیانەوە دەگرن لە سەرسام بوونیان و بێتوانا دەبن لە قسە کردن بە هۆی دیمەنی کاریگەریەوە (ئیشایا ٥٢: ١٥). لەبەرئەوە ، ناکرێ عیسا بخرێتە ڕیزی پلەوپایەی مەزنەکانی سەر ئەم زەویە. چونکە مرۆڤی ئازارەکان ئێستا پاشای سەرکەوتوە (بڕوانە بینین ١: ٥؛ ١٧: ١٤؛ ١٩: ١٦) ئەوەی سەرکەوتنی هێنایە دی لە ڕێگەی ئازارەکانی و ئەو دەستکەوتەی بەدەستهێنا کە پێکهاتوە لە نەتەوە زۆرەکان ( واتە : هەموو ئەو کەسانەی لەبەرچاوی خودا بێتاوان کراون )!

وە بەندەی خودا گیان وجەستەی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی گوناهباران ، وە ڕێگە بە خۆی دەدات لە گەڵ تاوانباران و گوناهکاران هەژمار بکرێ ؛ واتە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە شمشێر هەڵدەگرن وەك بڵێی حەز دەکەن ئازاری کەسانی دیکە بدەن (بڕوانە لۆقا ٢٢: ٣٧) . وە ڕەتکردنەوەی بەندەی خودا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کاتێ ڕێگە دەدات بە ئەوانی دیکە بەو شێوەیە بیر لەو شتانە بکەنەوە لەبارەیەوە ، وە بە دەربڕینی ئەو قسانە لەبارەیەوە ، وە بە مامەڵەکردنیان بەو شێوازە هەرچەندە ڕاستیەکە تەواو پێچەوانەیە . چونکە لە ڕاستیدا ، ئەو ژیانی کەسانی دیکە لەناو نابات ، بەڵکو ژیانی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی ئەواندا . وە لە ڕاستیدا ، ئەو نوێژ دەکات لە پێناوی ئەوانەی ئازاری دەدەن و دەیکوژن ، وە لە پێناوی ئەوانەی بریندار ی دەکەن ( ئایەتی ٥) ( هەروەها بڕوانە لۆقا ٢٣: ٣٤ ؛ ڕۆما ٨: ٣٤).